# شۆڕش و کەلتور

**عەزیز ڕەئووف**
Azizrauf2003@yahoo.com



کوردستانی ئێران بێشك جیاواز لە هەر ناوچەیەکی تری کوردستان هەمیشە بەوە ناسراوە کە خاوەن کەلتور و هونەر و تەنانەت ئەتەکێتی تایبەت بە خۆیانن. کەم نین ئەو دەنگە مەزنانەی کە لە ئاستی گۆرانی و مۆسیقادا فۆرمێکی تەواو لۆکاڵیان تێکشکاندووە. کەم نین ئەو سینەماکار و فلمسازانەی کە ناوبانگێکی نیونەتەوەییان هەیە و فلمەکانیان لەسەر ئاستی جیهاندا خەڵاتی مەزن بەدەست دەهێنن. کەم نین ئەو نیکارکێش و مافورساز و کارەکتەرە دەستڕەنگینانەی کە لە کوردستانی ئێران خوڵقاون و توانیویانە کاریگەری تەواو بەسەر ناوچەکانی تری کوردستاندا جێبهێڵن.

بەم پێشەکیە گەرەکم بوو باس لەو ڕاستیە بکەم کە کوردستانی ئێران سەرباری ئەوەی کە دەسەڵاتێکی کوردی بوونی نیە و کۆماری ئیسلامی سەرجەم کایەکانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام هەمیشە کەلتوری خۆیان پاراستووە. ئەم پاراستنی کەلتور و گرنگیدانە بە هونەر و فەرهەنگ و وێژەیە هیچی کەمتر نیە لە خەباتی سیاسی و چەکداری. گەر پارچەکانی تری کوردستان بەوە ناسرابن کە سەرجەم هەوڵەکانیان لە شۆڕشی سیاسی و بزوتنەوەی چەکداریدا سەرف کردبێت، ئەوا کوردستانی ئێران لەپاڵ بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری لەناوەوەی کوردستان و لە هەناوی شارو شارۆچکەکانیدا هەوڵەکان بۆ شۆڕشێکی هونەری و فەرهەنگی بەڕێوەیە.

ئەم هەوڵە لە ئاستی هونەری گۆرانی وتنەوە لە حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێوە دەستپێدەکات و لەگەڵ خۆیدا ڕەزازی و غوڵامی و مکایل و فەریقی جێدەهێڵێت. لەسەر ئاستی وێژەش لە هێمن و هەژار و سوارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە عەتای نەهایی و ژیلای حسێنی. لە ئاستی سینەماشدا دەنگە جدی و جیهانیەکانی بواری فلمسازی لە هەوڵەکانی بەهمەنی قوبادی و جەمیلی ڕۆستەمیەوە سەرەتای هونەری سینەمای جیهانی بە فۆرمێکی کوردی هەستپێدەکەین.

لێرەوە بەو ڕاستیە ئاشنا دەبین کە شۆڕشە کەلتوریەکان هەمیشە کاریگەری زۆریان هەیە بەسەر پێشکەوتن و ناساندنی گەلان بەوانی تر. ئەم هەوڵە لەسەر ئاستی کوردستانی ئێران لەم چرکەساتەدا لە بەرزترین ئاستیدایە. بەمانایەکی تر دەتوانم هەرچەندە لە دوو دەیەی ڕابردوودا کوردستانی ئێران خاڵی بووە لە شۆڕشی چەکداری و خەباتی سیاسی و هەمیشە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران لەودیوی سنورەکانەوە خەباتیان کردووە، بەڵام هونەرمەندان و سینەماکاران و ڕوناکبیرانی کوردستانی ئیران لەناو ڕۆحی شارەکانەوە لە هەوڵەکانی خۆیان بەردەوامن و ئەمەش بێشك هیچ لە خەباتی سیاسی و چەکداری کەمتر نیە.

کارکردن لە مەسەلە کەلتوری و هونەری و فەرهەنگیەکان دەتوانم بە شۆڕشی سپی ناوزەدی بکەم و ناوی بنێم شۆڕشێك بەبێ خوێن و جەنگ. شۆڕشی سپی و بێ خوێن بێگومان شۆڕشێکە تاکەکانی کۆمەڵگە بە هێمنی و دوور لە توندوتیژی و توندڕەوی ڕادەهێنێت. ئەمەش بێشك لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکرات و دوور لە جەنگ و ئاشوب دوورمان دەخاتەوە.

لێرەوە مامەڵەکردن لەگەڵ وەها دۆخێکدا لە کوردستانی ئێران پێویستی بە دوو هەوڵ و کۆشش هەیە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و لەسەر ئاستی ئۆپۆزسیۆنی کوردی:

یەکەم: کۆماری ئیسلامی ئێران بەر لە هەر هێز و گروپگەلێکی ناوچەکە پێویستی بەوە هەیە زۆر بە جدی پێشوازی لەم جۆرە هەوڵانە بکات. چونکە وەها شۆڕشێك لە کوردستانی ئێران بێشك دەستی دەبێت لە بڵاوبوونەوەی بیری فرەیی و ئاشتی و ئارامی لەناوچەکەدا. دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا پێویستی بەوە هەیە شۆڕشی فەرهەنگی و هونەری لە کوردستانی ئێراندا بەهەند وەربگرێت و بکاتە نموزەجێك بۆ سەرجەم گەلان و تاکەکانی وڵات.

دووەم: ئۆپۆزسیۆنی کوردی بێشك پێویستە پەرە بەم جۆرە شۆڕشە بدات کە شۆڕێکە بە بێ توندوتیژی و خوێنڕشتن. گەر ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە کوردستانی ئێران ئیستا چانسی ئەوەی نەبێت پەرە بە خەباتی چەکداری بدات و شەڕی زلهێزێکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران بکات، خۆ کەم تا زۆر دەتوانێ پەرە بە شۆڕشێکی فکری و هونەری بدات لەناو ڕۆحی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی ئێراندا.

شۆڕشی فەرهەنگی و هونەری لە کوردستانی ئێران لەم ئان و ساتەدا سەرباری ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کەلەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئێراندا دێتە ڕێیان بەڵام دیاردەیەکە تەواو فۆرمێکی یونیڤێرساڵی وەرگرتووە و لە ئاستی لۆکاڵی چۆتە دەرەوە، ئەمەش تەواو دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە و هانی

کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان دەدات کە گەر چانسی ئـەوەیان نـەبێت شۆڕشـی چـەکداری و بزوتنـەوەی سیاسـی پێکبهێـنن، خـۆ چانسـی ئـەوەیان لەبەردەمدایە پەرە بەم جۆرە هەوڵ وکۆششانە بدەن و تەنانەت کورد وەك نەتەوەیەکی ئاشـتیخواز و ڕۆشـنبیر و هونەردۆسـت و دەسـتڕەنگین بـە جیهـان بناسێنن.